دکتور سالح ئیبراهیمی



## سوورەی ئینفیتار: قەڵەشان ١٩ ئایەتە

**سوورەی ئینفیتار لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ١٩ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

ئەو کاتە کە ئاسمان (کوراتی ئاسمانی) بقەڵشێ و لەت لەت بێ ﴿١﴾ ئەو کاتە کە ئەستیرەکان بڵاو بنەوە و بڕژێنە خوارێ ﴿٢﴾ ئەو کاتە کە زەریاکان تەقین و لێکدران ﴿٣﴾ ئەو کاتە کە قەبرەکان ژێرورو کران ﴿٤﴾ لەو ڕۆژەدا هەموو کەسێ دەزانێ چی لە پێشا ناردووە و چی بۆ دوایی هێشتۆتەوە ﴿٥﴾ ئەی مرۆڤ! چ شتێک تۆی لەبابەت پەروەرێنەری بەرێز و کەریمت هەڵخراند و بادی‌هەوا کرد ﴿٦﴾ ئەو خوایەی کە تۆی بەدی‌هێنا، جا ئەندامتی وێکخست و ڕێکوپێکی کردی ﴿٧﴾ بە هەر وێنەیەک کە خۆی ویستی ئەندامی تۆی پێکەوە لکان (ما لە ماشاء زیادە) ﴿٨﴾ وانیە، بەڵکوو ئێوە ڕۆژی جەزا و دین، حاشا و ئینکار دەکەن ﴿٩﴾ لە حاڵێکدا چەن کێشکچی لەسەر ئێوەن ﴿١٠﴾ نووسەرانی بەرێز و بەرز ﴿١١﴾ ئەزانن ئەوەی کە ئێوە دەیکەن ﴿١٢﴾ کارچاکان لە ناز و نیعمەتدان ﴿١٣﴾ تاوانبار و گوناحکاران لە دۆژەهدان ﴿١٤﴾ لە ڕۆژی جەزا لەوێدا دەسووتێن ﴿١٥﴾ قەتیش لێی دوور و نادیار نابن ﴿١٦﴾ تۆ چوزانی ڕۆژی دین و جەزا چییە ﴿١٧﴾ هەمیسان تۆ چووزانی ڕۆژی جەزا و سزا چییە ﴿١٨﴾ ڕۆژێکە کە هیچ کەسێ بۆ کەسێ‌تر کارێکی پێ ناکرێ و هیچی بە دەس نییە، تەواوی کاروبار لەو ڕۆژەدا تایبەت بە خوایە ﴿١٩﴾

## سوورەی موتتەفیفین: کەم‌فرۆشان ٣٦ ئایەتە

**سوورەی موتتەفیفین لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٣٦ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

وەی هاوار بۆ کەم‌فرۆشان ﴿١﴾ ئەو کەسانەی بە پێوانە شتێ لە خەڵکی دەکڕن دەبێ بێ کەمایەسی هەموویان پێ‌بدرێ ﴿٢﴾ هەرکاتێ خۆشیان کە بۆ خەڵکی دیکە بە کیلە دەپێون یا بۆیان دەکێشن، لێی کەم دەکەن و زیانیان لێ‌ئەدەن ﴿٣﴾ ئایا ئەوانە نازانن و بڕوایان نییە کە زیندوو دەکرێنەوە ﴿٤﴾ لە ڕۆژێکی بەسام و گەورەدا ﴿٥﴾ ڕۆژێ کە خەڵک لە بارەگای پەروەرێنەری جیهانیان ڕادەوەستن ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



نەخێر باوەڕ بەمە ناکەن، با بزانن نامەی کردەوەی بەدکاران لە قولاّیی سجِّین دۆزەخدایە ﴿٧﴾ تۆ چوزانی کە سیججین چیە؟ ﴿٨﴾ کتێب و نامەیەکی نووسراوە ﴿٩﴾ وەی هاوار؛ لەو ڕۆژەدا بۆ بەدرۆخەرەوان ﴿١٠﴾ کەسانێ کە ڕۆژی جەزا و دین بە درۆ دائەنێن ﴿١١﴾ هەر ملهوڕی تاوانباریش ئەوەی بەلاوە درۆیە ﴿١٢﴾ کەسێ کە هەرکاتێ نیشانەکانی ئێمەی بەسەرا بخوێندرێتەوە، دەڵێ: ئەمە چیرۆک و ئەفسانەی پێشینانە ﴿١٣﴾ وایش نییە کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە، بەڵکوو بە هەقیقەت کردەوەیان هەروەکوو ژەنگ، دڵ و دەروونی گرتون ﴿١٤﴾ بەڵێ (هەقە) ئەوانە لەو ڕۆژەدا لە نیعمەتی پەروەرێنەریان بێبەشن ﴿١٥﴾ لەئا کامائەوان دەچنە نێو دۆژەهـ و دەسووتێن (گڕ دەگرن) ﴿١٦﴾ لە پاشان بەوانە دەوترێ: ئەمەیە ئەوەی کە بە درۆتان دەزانی ﴿١٧﴾ وا نییە کە ئەوانە خەیاڵ دەکەن، نامەی کردەوەی چاکان لە (عِلِّیین)دایە ﴿١٨﴾ تۆ چوزانی کە علّیین چییە ﴿١٩﴾ کتێب و نامەیەکە نووسراوە ﴿٢٠﴾ کە نێزیکانی خوا شایەدی ئەوەن و بۆی دەڕوانن ﴿٢١﴾ بێگومان چاکان لە ناز و خۆشی و نیعمەتدان ﴿٢٢﴾ لەسەر تەختگەلی جوانی بەهەشت پاڵیان داوەتەوە و دەڕوانن جوانی بەهەشت ﴿٢٣﴾ لە دەموچاویاندا شادی و ناز و خۆشی و تەڕ و بەل و ناسک و لاو؛ تەڕ و تازە و نیعمەت دەبینی ﴿٢٤﴾ ئەوانە لە بادەی زولاڵی دەس لێنەدراو و سەربەسراو خۆشی، تێراو دەکرێن ﴿٢٥﴾ مۆری سەری لە میشکە، جا ئەوانەی کە دەبێ پێشدەستی بکەن، با لەمەدا لە یەکتر پێشدەستی بکەن و خۆ پێش بخەن ﴿٢٦﴾ ئەم شەڕابە (پاکە) لەگەڵ تەسنیم لێک دراوە ﴿٢٧﴾ کانیاوێکە کە نێزیکان (ی خوا) لێی دەخۆنەوە (عینا تەمیزە بۆ تسنیم) ﴿٢٨﴾ بێگومان کەسانێ کە تاوانیان کردووە، (لە دنیادا) بە بڕواداران پێدەکەنین ﴿٢٩﴾ هەرکاتێ کە بەلای ئەوان (بڕواداران)دا تێئەپەڕین چاویان لە یەکتر دادەگرت و بە ئیشارە گاڵتەیان پێدەکردن ﴿٣٠﴾ هەرکاتێ دەگەڕانەوە لای خزم و کەسیان بە جەفەنگ و گاڵتە و گەپ دەیانگێڕاوە ﴿٣١﴾ کاتێ چاویان بەوان (بڕواداران) دەکەوت، دەیانوت: ئەمانە لاڕێن ﴿٣٢﴾ هیچ کامیش ڕانەسپێرابوون لەوان (بڕواداران) چاوەدێری و پارێزگاری بکەن ﴿٣٣﴾ جا ئەمڕۆ بڕواداران بە کافران و خوانەناسان پێدەکەنن ﴿٣٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



لە بـانی تەختەکـانەوە چـاو دەگێـڕن ﴿٣٥﴾ ئـاخۆ خوانەناسـەکان پاداشـی کـردەوەی خۆیـان وەرگرتوە؟ ﴿٣٦﴾

## سوورەی ئینشیقاق: تەرەك بردن ٢٥ ئایەتە

**سوورەی ئینشقاق لە مەککە هاتۆتە خوارێ و بە (بسم‌الله)وە ٢٥ ئایەتە**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

هەروەختێ ئاسمان تەرەکی برد و قلّیشا ﴿١﴾ گوێی داوەتە فەرمانی پەروەرێنـەری، شـیاوە کە وا بێ ﴿٢﴾ هەروەختێ زەوی پان ڕاخرا ﴿٣﴾ هەرچی لە دەروونی فڕێدا و هیچی لە نێـودا نەمـا ﴿٤﴾ گوێی داوەتە فەرمانی پەروەرێنەری، شیاوە کە وا بـێ ﴿٥﴾ ئەی مـرۆڤ! تـۆ بە تەقـالا و ڕەنج بەرەو لای پەروەرێنەرت لە حـاڵی ڕۆیشـتندای، جـا دەچیـە دیـداری ئەو ﴿٦﴾ کەسـێ کە نامەی کردەوەی دراوەتە دەستی ڕاستی ﴿٧﴾ لەوە بەولا پرسیاری کەم و ئاسانی لێ‌دەکرێ ﴿٨﴾ بە شـادی و خۆشی دەگەڕێتەوە نێـو کەس‌وکـاری ﴿٩﴾ بەڵام کەسـێ کە لە لای پشـت سـەریەوە نامەی کردەوەی دراوەتێ ﴿١٠﴾ بە زوویی هاواری لێ هەڵدەسـتێ و ئـارەزووی تیـاچوون دەکـا ﴿١١﴾ (ڕادەکێشرێت) لە نێو ئاگری بەکڵپە و تـوێنەر و دەسـووتێ ﴿١٢﴾ ئەو لە دنیـا لە نێـو خاووخێزانیدا شاد و خۆش بوو ﴿١٣﴾ بێ‌گومان ئەو وای دەزانی کە هەرگیز نـاگەڕێتەوە ﴿١٤﴾ بەڵێ، بەڕاستی پەروەرێنەری بەو بینا بـووە ﴿١٥﴾ سـوێند بە سـوورایی دەوری ئاسـۆ: شـەفەق ﴿١٦﴾ سوێند بە شەو و بە هەرچی کە کۆی دەکـاتەوە و دایەپۆشـێ ﴿١٧﴾ سـوێند بە مـانگ، کاتێ دەبێتە چاردە و پڕ دەبێ ﴿١٨﴾ کە ئێوە بە دایمی لە حاڵێکەوە دەچنە حاڵێ ترەوە ﴿١٩﴾ جا چییانە کە وا بڕوا ناهێنن ﴿٢٠﴾ هەرکاتێ کە قورئانیان بەسەردا دەخوێندرێتەوە، کڕنۆش و سوژدە نابەن ﴿٢١﴾ بەڵکوو ئەوانەی کە کافر بوون (هەمیشە نیشانەکانی خوا) بە درۆ دادەنێن ﴿٢٢﴾ خـوا بەوەی کە لە دڵ و دەروونـدا دەیشـارنەوە ئاگـا و زانـاترە ﴿٢٣﴾ جـا بە عەزابـی دەرداوی مزگێنییان بدەرێ ﴿٢٤﴾ مەگەر ئەوانەی کە بڕوایان هێناوە و کـاری چاکیـان ئەنجـام داوە کە بۆ ئەوان پاداشی بێ‌پایان هەیە ﴿٢٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi